دوای باران

سوهەیلا مێهەمی
(سنە)

ڕەنگە بەرەو خاکی ئاوسی مەیلەو سەوز
بەرەو بارانێکی پەیڤی سوور
هەماری ترس بتەقێ
بنووسینە خەونێک
بە ڕەگەز جورئەتی دەریا.

دایکم دەیگوت:
هەماری دڵەڕاوکێیەکان،
هەناسەی هەتاوێکی پێویستە
خەونێکی سەوزت بپۆشە
فەیلەسووفێک لە خۆتدا داتاشە
ئازاری تاریکایی
تەنگانە داکەنە
سێ لەو سێوەی لەرەی کراسەکەتە
سێ/بەری خۆت دانیشە
ژوورێکی مەینەتی
پاکنینی ناوێ
ئێمە دڵمان لە لاپەڕەی شیعرێکی تامەزرۆ وێڵە
تا داگیرسانی چراکان
پاپۆڕە سەرگەردانەکانی زەریا بگەڕێنینەوە
پاڵ بە بەندەری چاوەڕوانی.

بە نارنجترین پەیڤ
دابەزێنە ڕادیۆی ئێوارانت
با دەرباز بم
لە هەرای ئەم ڕۆژانەتدا.

دوای باران
چەندیش تەڕ بم
تەڕ

تەڕ
بە دوای دڵتەنگییەکدا
هەر ڕادەکەم.

دوای تۆش وشەیەک
سەر ناکات بە دەلاقەی دڵنیایی
من دەزانم و
ئەم بەرەو کورت بوونەوە
قەڵەم
لە باڵای من دەگاتە ئەم ڕۆژانە
نە شیعرێکم بەشی زستان دەکات
نە بۆنی نسرم پاشکەزی وشە.

نیگاتیڤی جادە

لێرە نیگاتیڤی جادە
بارانییە
لە خوێن و ...
جەمسەرێکی نوێیە
مەیلی خوێن
ڕێ دەکەوێت ڕووبار
بۆنی مردن
مردنی بۆ نییە
بەردەوام لە سووتانە خاک
دڵۆپێک هەناسەی تەڕ
نارژێتە مەودای سینگ و سەر
خوێن ڕێگای گرتووەتەبەر و
بەری خۆی داوەتە هەندەسە
بە لار و گێڕ و ساف و ڕێکەوە
لێرەدا
لیرگ دەکات خاک
جەمسەرێک نادۆزێتەوە
مەزرای نوور

قڵیش دەکەوێتە ئومێدێکی پیر و
ڕۆڵی تاکێک
ژن بێ و
پێوانەکانی ژانی لێورێژ
پیاوێک پیرتر
کاولییەکانی بەر تەقەیەک ناکەوێ
خوێنی بە تاشەکاندا
تاشراوە

هەڵدێ دەنگێک لە گەرووی منەوە
زام و خوێن و ئاخ تفێک
لە چۆنیەتی سەربڕینی دەنگ
ڕەنگە بێدەنگییش
بارانە بەرزەخێکم
بە بارانمەوە دەست پێ دەکا
ڕەنجی خەونەکانتان کە خەوزڕ بوو

من و ڕەنج بەردەوام
لە پاشکەوتنی خۆماندا و
چ زانایانە ئاگادار بووین
ژیان هەڵەیەکی ئەم جیهانەیە
نیگاتیڤی جادە
ڕێ دەکات خوێن
ڕێ دەکات ڕەنج
تۆ ؛ دەبێ تەنیا ...بڕۆی
من؛ دەبێ تەنیا ...بمێنم.